رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 17:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بیناکردنی مرۆڤ پێش بنیاتنانەوەی کۆشک و شەقام ... تامان شاکر



لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەو ژینگەیەکی تەندروست پێویستمان بە مرۆڤی تەندروست هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ژیان سەر لە نوێ بە شێوازێکی تەندروست و ئەکادیمی بنیادبنێینەوە و نەوەکانی دوارۆژ بە سیستەمێکی پەروەردەی رێکوپێك پەروەردە بکرێن و مرۆڤەکانمان ببن بە مرۆڤی شارستانی لە بازنەی داخراوی کوردیدا بچنە دەرەوە وبتوانن داهێنەر بن، لە بوارە جیاکانی ژیاندا و هەست بە بوونی خۆیان بکەن، ئەو سیستەمی پەروەردەی سەردەمی رژێمی داگیرکەری عێراق جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە کە سیستەمێکە تەنها فەرمانبەر بەرهەم دێنی لە بواری فیکرو زانستدا لاوازی زۆری پێوە دیارە و خوێندنیش لەم وڵاتە بە ئامانجی فێربوون نییە بەڵکو زیاتر بۆ نمرەی باش و بەدەستهێانی مووچەیەکی باشە، لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە تەنها توانیویەتی توندو تیژی و رق بەرهەم بهێنێ جیا لەوەی رێژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن و کە ئەمەش کاریکەریەکی خراپی لە سەرژیانی خۆیان وەك تاکە کەس بە تابیەتی و وەك کۆمەڵگە بە گشتی هەیەو، هیچ گومانی تێدانیە زۆرینەی ئەو نەخوێندەوارانە لە ئەنجامی توند و تیژی سیستەمی خوێندنگەو ماڵەوە وباری ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپ وازیان لە خوێندن هێناوەو بوون بە بارێکی گران بەسەر کۆمەڵگەوە، ئەوەش بۆتە هۆی دواکەوتنی ئێمە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. لەم رۆژگارەشدا، ناچارین پشت بە هێزو فکری دەرەکی ببەستین ونەخۆشەکانمان بۆ چارەسەری ناچار بن روو لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بکەن و هێزی کاریش لەدەرەوەی کوردستان بێنین. ئەمڕۆ لە دونیایی پیشکەوتوودا زۆرترین بایەخ بە منداڵ دەدرێت، هەر لەم روانگەیەوە ئەو کۆمەڵگەی منداڵی کەم بێت بە کۆمەڵگەیەکی پیر دادەنرێت، مەترسی کەم بوونەوەی رێژەی دانیشتوانی لێدەکریت. بەڵام لە کوردستان ئیمە مەترسی ئەوەمان نییەو کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی گەنجە، کەچی ناتوانین سوود لەو هێزە مرۆییە وەربگرین، ناتوانین

دروستیان بکەین، دەبینین بەشێکیان، دەبنە بۆیاخچی و بەشێکی تریان دەبنە دەستگێر لە ناو جیهانی گەورەکاندا و دونیاو خەونی منداڵیان لە ناودەچێت تێکەڵ بە هاتوو هاواری بازارو سەرماو گەرمای سەر شۆستەکان دەبێت، هەندێك لە دایکو باوکانیش منداڵەکانیان ناچار دەکەن دەیانێرنە بازاری کار، ئەوەش بە پێی یاسای مافی مرۆڤ قەدەغەیە. لە کوردستان هیچ یاسایەك نییە بەرگری لەو منداڵانە بکات. بۆیە دەبێ هەوڵی چاکردنی سیستەمی پەروەردە بدەین، نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی و توندو تیژی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی کەمبکەینەوە، منداڵەکانمان وەك مرۆڤ پەروەردە بکەین نەك وەك کوڕو کچ، ئەم سیستەمە ناشارستانییەی ئەمڕۆی پەروەردەی کوردستان وای کردووە رەنگی ژیان یەك رەنگ بێت و روژانەش لە ئەنجامی ئەم سیستەمە سەقەتە روو بەرووی سەدان کارەساتی دڵتەزین دەبینەوە. زۆرن ئەوانەشی هەوڵی چاکردنی دەدەن بەڵام لە بیریان چووە، ئەمە تەنها بە پەروەردەیەکی راست و دروست ئەنجام دەدرێت.

هیچ منداڵێك بە خراپی لە دایك نابێت بەڵکو منداڵ خاوەنی 100 هەستی جوانە ئێمە 99 هەستی لێدەسێنینەوەو یەك هەستی پێدەدەین، هەر لە منداڵیەوە فێری ئەوەی دەکەین وەك خۆمان بژیت.

دایکو باوکان دەبێ بزانن دونیا هەردەم بەرەو گۆران دەچێت پێویستە ئێمەش لەگەڵ گۆرانکاریەکان برۆین و لە شوێنی خۆماندا نەوەستین، لەو پێناوەشدا دەبێت هاریکاری یەکتر بکەین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەمان و بە خشینی دونیایەکی جوانتر بە نەوەکانی دوا رۆژ و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانستی مرۆڤی کورد و پاراستنی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوە. دەکرێ شەقام باڵەخانەو هۆتێلەکان سیمایەکی جوانن ببەخشن، جوانکردنی مرۆڤەکان
ئاسوودەیی و بنیاتنانەوەی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبەخشێت بە کوردستان ئەو کاتە دەتوانین پارێزگاری لە سامانە نەتەوەیی و سروشتیەکانمان بکەین وبیانپارێزێن

ئەو پرۆژەییەی کەئێستا لە بەر دەستاندایە دەکرێ ببێتە هەنگاوی یەکەم لە کوردستاندا
ئەگەر بەدوا داچوونی بۆ بکرێت وهەوڵبدرێت سەرەتا لە چەند خوێندگەیەکی منداڵاندا تاقی بکرێتەوە و بۆ ئەوەی لە دواتر ببێت بە پرۆژەیەکی سەرتاسەری لە کوردستان.
دەقی پرۆژەکە